


# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

پووشپەڕی ٢٧١٠ ژمارە:٣ June 2010

## یادی ٣٨ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک




هونەرمەندی بە ناوبانگی کورد زیرەکی خوالێخۆشبو لە هونەرمەندە خۆشەویستەکانی گەلی کورد ئەژمێردرێ کە وەکوو کوڕە جووتیارێکی چالاک و گورج و گۆڵ و هەڵکەوتووی ژیرو نەخوێندەوار و (خورسک) لە مەیدانی هونەردا دەورێکی زۆر باڵا و ڕێک و پێک و جوانی هەبووە و لە نێو هەموو چین و توێژ ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا زۆر خۆشەویست بووە و هەموو کات ڕێزی خۆی هەبووە و ئێستاش واتە دوای کۆچی دوایشی ئەم هونەرمەندە لە نێو گەلی کورد و هەموو ناوچە و بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی لە دێهاتەکان زۆر بە ڕێزو خۆشەویستە و بەگەرمی لاوان بە دوای وێنە و گۆرانیە تۆمار کراوەکانی دا دەگەڕێن. زۆر لە گۆرانی بێژ و لاوە دەنگ خۆش و تازە پێی گەیشتووەکانی ئەم سەردەمە هەوڵ ئەدەن لە سەر ئەو ڕێبازە بڕۆن کە زیرەکی هونەرمەند لە گۆرانی دا لە سەری ڕۆیشتووە. واتە قوتابی قوتابخانەی زیرەکن لە مەیدانی هونەردا.

بۆ لاپەری ٩

لەم ژمارەیە دا:


* کەمتەرخەمیی کورد لە ئاست نزمیی زمانی منداڵان...بۆلاپەری ٢
* یادیک لە شاعیری هەڵکەوتوو مامۆستا پیرەمێرد.بۆلاپەری ٣
* یادیک لە خاتوو رەوشەن بەدرخان...بۆلاپەری ٥
* ٢٣ساڵ ئازاری ناوچە جوانەکەمان سەردەشت. بۆلاپەری ٦
* شێعر(فرمێسکی ڕنوو) بۆلاپەری ٨
* کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان بۆ لاپەری ١٠
* زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی... بۆ لاپەری ١٢
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەری ١٥
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەری ١٦
* تەندورستی ... بۆ لاپەری ١٧
* بۆ پێکەنین... بۆ لاپەری ١٨
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەری ١٩


سەرچاوە Serchawe

# کەمتەرخەمیی کورد لە ئاست تزمیی زمانی منداڵان لە تاراوگە

سوورکێو زەکی

بەوپێیە کە ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو بەشێوازگەلێکی جیاواز چەوسێندراوینەوە و مافەکانمان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ژێرپێخراون، زۆربەمان بەتایبەتی لەدەرەوەی وڵات ئازایین کە مافە پێشێلکراوەکانمان و لەسەرووی ئەوانیش بێبەشییمان لە مافی خوێندن و نووسین بەزمانی دایکییمان لەناوخۆی وڵات بێنینە زمان و ئەم زوڵمە بەگوێی خەڵکانیتری جیهانیش بگەیەنیین، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو کوردانەی کە بێزارن لەوەیکە ئەو مافەو مافەکانیتریشیان لە وڵاتی خۆیاندا لێ زەوتکراوە، لە دەرەوەی وڵات مناڵەکانیان نەک هەر کوردیی نازانن، تەنانەت ئەوەندە زمانە سەرو گوێ شکاوەی تێکەڵ بە فارسی و تورکی و عەرەبییەی کە خەڵکی کوردستانیش لە ناوەوە فێری بوونە، ئەوەندیش لەماڵێ فێری منداڵەکانیان ناکەن و ئەم منداڵانە لەجیاتی کوردیی، بە زمانی ئەو وڵاتەی کە لێی دەژیین بەیەکەوە قسە دەکەن کە ئەوەش ئاکامێکی گەلێک خراپی بۆ کورد هەیە و ئاکامە خراپەکەشی بریتییە لەوەیکە ئەو سامانە بەنرخەی کە هەموو کەرستە و هەلومەرجێکی لە ئاستێکی بەرزدا بۆ ڕەخساوەو دەتوانێ بناخەیەکی پتەو و بەکەڵک بێت بۆ داهاتووی گەلەکەمان، بەهاسانی لەدەست دەچێت.




ئەوە لەکاتێکدایە کە هەموو نەتەوەیەک لەدەرەوە ئەو مافەیان پێدراوە کە مامۆستای تایبەتیی زمانی خۆیان بە کتێب و پێنووس و دەفتەر و تەنانەت گرتنی تاکسی خۆڕاییشان هەبێت بۆ ئەوەیکە ئەگەر لە قوتابخانەیەک تەنیا یەک منداڵی بە زمانێکیتر لێبوو، هەموو حەوتووان لەکاتی دیاریکراودا بیبەن بۆ قوتابخانەیتر و هەموو هەلومەرجێکی فێربوون و بەرەوەپێشچوونی مناڵەکانییان بەخۆڕایی بۆ بڕەخسێنن. کەچی تەجرەبەش نیشانی داوە کە ئەگەر دایکوبابەکان لەگەڵ منداڵەکانییان هەوڵ نەدەن، تەنیا بە قوتابخانە فێری کوردیی نووسین و خوێندنەوە نابن بەڵام خۆ هەر نەبێت ئەگەر لەماڵێ بە کوردیی بیاندوێنن، فێری کوردیی کوتن دەبن.


لەلایەکیتر کوردەکان و هەموو نەتەوەکانیتریش لە وڵاتانی دەرەوە مافیان هەیە کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجوومەنی کولتووریی، وەرزیشی، کۆمەڵایەتیی و تەنانەت سیاسییان هەبێت و دەوڵەت حازرە بوودجەی ساڵانەیان بەگوێرەی ڕێژەی ئەندامەکانیان پێبدات و هەموو هاسانکاریەکیان بە مەبەستی فێرکاریی، پەروەردە و بەرەوپێشچوونیان بۆ بڕەخسێنێت. بەڵام با لەخۆمان بپرسین کە ئێمەی کورد چ وەک تاک و چ وەک بنەماڵە، کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان و تەنانەت حیزبەکانیش چەندە کەڵکمان لەو هەلومەرجە لەبارە خۆڕاییە وەرگرتووە بۆ ئەوەی هەم ئەو مافەی لێمان زەوتکراوە دەستمان بکەوێتەوە و هەم مناڵەکانیشمان لەداهاتوودا بۆ گەلەکەمان بن نەوەک بۆ خەڵکانیتر؟ ئای چەندەم پێناخۆشە کاتێک دەگەمە چەند منداڵی کورد و دەبینم زۆربەیان کوردیی نازانن و بەیەکەوە بە زمانێکیتر جگە لە کوردیی قسە دەکەن! ئای چەندە ناخۆشە کاتێک دەگەمە لاوێکی کورد کە لە دەرەوە گەورە بووە و ناتوانم بەکوردیی چوار قسەی لەگەڵ بکەم و مەجبوورم بە سوئێدی بیدوێنم! ئای کە چەندە شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ ئەم دایکو باوکانەو بۆ ئێمەش وەکو کوردی دەرەوە کە پاش ئەو هەموو مێژووە کارەساتبارەی بەسەریان هێناوین ئەوەندە جەوهەرەیەن تێدا پێک نەهاتبێت کە نەهێڵین ئەو سەرمایە بەنرخانەمان ئاوا لەدەست بچن!

لێرەدا نایشارمەوە کە نەک هەر بەشێکی زۆر لە بنەماڵە کوردەکانی تاراوگە هەست بە هیچ بەرپرسیارەتییەک لەم بارەوە ناکەن، تەنانەت زۆریان بە شانازییەوە لەناو ماڵەوەو لە کۆڵان و شەقامەکانیش بۆ خۆشیرنکردن لەلای خاریجییەکان بەم زمانە خاریجییە سەروگوێ شکاوەی دەیزانن، لەگەڵ منداڵەکانیان دەدوێن!

ئەوە لەکاتێکدا ئێمە لێرە ئاوا لە نەوەی داهاتوومان دەکەیین کە لەبەرچاومانە خەڵکانیتری وەکو عەرەب، فارس، تورک، چینی، ئینگلیسی، تایلەندیی، فینلاندی و گەڵێک لەو خەڵکانەیتر چەندە بەپەرۆشەوە منداڵەکانیان دەپارێزن و کولتوور و زمانی خۆیانیان فێر دەکەن بەبێ ئەوەیکە بێوڵاتی و بێمافییان چێشتبێ و ئەم ئازار و نەهامەتییانەشیان بەسەر هاتبن کە کورد بەسەری هاتوون. هەر لەو شارەی ئێستا لێی دەژییم، زۆر یەک لەو نەتەوانە تەنانەت باخچەی ساوایان و مامۆستای زمانی خۆیانیان بۆ منداڵەکانیان دابین کردووە و دەوڵەتیش هاوکارییان دەکات، لە حاڵێکدا ژمارەی کوردی ئەم شارە ئەگەر لە هەموو نەتەوە بێگانەکانیتر زیاتر نەبێت، یەکێک لە نەتەوە سەرەکییەکانە و ئەم شتە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتی سوئێدیشدا هەر ئاوایە ( واتە لەناو خاریجییەکان، کورد یەکێک لە نەتەوە سەرەکییەکانی وڵاتی سوئێدە)

سەرچاوە Serchawe

# یادیک لە شاعیر و تێکۆشەری کورد مامۆستا پیرە مێرد



پیرەمێرد ناوی تۆفیق کوڕی مەحمود ئاغا، کوڕی هەمزاغای مەسرەفە "-هەمزاغای مەسرەف"یش پیاوێکی ناسراوی کاتی خۆی بووە و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشای باباندا، تەنانەت کاروباری سەرەک شالیاری و شالیاری پارەیی بینیوە بۆیە پیان ووتوە "مەسرەف" – لە ساڵی ١٨٧٦ دا لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی "گۆیژە" لەدایکبووە.

ئەو ساتەی پیرەمێرد تەمەنی دەگاتە شەش حەوت ساڵی، نێرراوەتە حوجرەی مەلا حسینە گۆجە لە شاری سلێمانی، ماوەیەک لەوێ وانەی ئەخوێنێت، وا باس دەکرێت، کە لەوێ لەسەر هۆنراوەیەکی خواجا حافز لەگەڵ مامۆستاکەیدا تێکچووە، لەبەر ئەوەی حەسەن ئەفەندی مامی لەوێوە ئەیگوێزێتەوە بۆ مزگەوتی مەلا سەعیدی زڵزلەیی، کە ئەیباتە ئەوێ حەسەن ئەفەندی پێی دەڵێت: "تۆفیق ئومێد ئەکەم دەمونەفەسی ئەم زاتە پاکە بتکا بە شاعیرێکی وەکو من!" – بەو پەیڤەش دەرئەکەوێت، کە حەسەن ئەفەندی مامیشی هەر شاعیر بووە. پاش ماوەیەک پیرەمێرد ئەبێ بە فەقێ لە مزگەوتی هەمزاغای باپیری کە شوێنەکەی نزیکی باخێک بووە پێیان ووتوە "باخی پوورەبەگی"، کە لە گەڕەکی گۆیژەیەو چاپخانەکەی پیرەمێرد نزیک ئەو مزگەوتەیە، لەوێ لەو مزگەوتە لای مەلا مەحمود ناوێک دەستدەکات بە خوێندن و فێربوونی عەرەبی و وانەی ئایینی.

پیرەمێرد هەروەکو شێوازی حاجی قادری کۆیی و نالی و مەحوی و مەولەوی و زێوەر، مزگەوتا و مزگەوت و شاربەشار گەڕاوە و لە هەر شوێنێک ماوەیەک ماوەتەوە.

پاش ئەوەی زۆربەی مزگەوتەکانی شاری سلێمانی گەڕاوە ئەوسا ڕووی کردۆتە مزگەوتەکانی شاری بانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات  کە لە بانەوە گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٨٨٢دا کراوە بە نووسەری بەڕێوبەرایەتی ڕەگەزنامە لە سلێمانی و لە ساڵی ١٨٨٦دا کراوە بە سەرنووسەری دادگای شارباژێڕ و لە ساڵی ١٨٩٥دا کراوە بە یاریدەدەری داواکاری گشتی لە شاری کەربەلا لە خواروی ئێراق، بەڵام ئەو کارەی دوایی بەدڵنەبووە و وازی لە فەرمانی میری هێناوە. لە ساڵی ١٨٩٨دا لەگەڵ شێخ سەعید حەفیدا (باوکی شێخ مەحمودی قارەمان) چووە بۆ تورکیا، بۆ ساڵی دوایی شێخ سەعید و تۆفیق پێکەوە چوون بۆ مەکە بۆ ئەوەی فەرمانی حەج بەجێبهێنن، لە گەڕانەوەیاندا بۆ تورکیا سەید ئەحمەدی خانەقا و وەفایی شاعیریشیان لەگەڵ ئەبێ، وەفایی لەڕێگا کۆچی دواییکردووە، بەمپێیە تۆفیق بوە بە حاجی تۆفیق. حاجی تۆفیق لە نووسینی فارسیدا دەستێکی زۆر باڵای هەبووە وەکو ئەڵێن لەو کاتەدا مەگەر تەنها (سلێمان بەگ)ی باوکی مامۆستا گۆران، ئەوەی بە نووسەری فارسی بەناوبانگ بووە، لە ئاستی پیرەمێرد لە فارسیدا شارەزایی بوبێت.

لە ساڵی ١٨٩٩دا فەرمانی شاهانەی بۆ دەرئەچێت و ئەکرێت بە ئەندامی کۆنگرەی باڵا لە ئەستەمبوڵ و پلەی بەگیەتی پێدەبەخشرێت، لەو ماوەیەدا بە هۆی "عزەت پاشا"وە پیرمێرد ئەچێتە قوتابخانەی یاسا و بڕوانامەی یاساناسی لەوێ وەرئەگرێت.

کە لە ساڵی ١٩٠٨دا بانگهێشتی مەرجی ئەکرێت و کۆنگرەی باڵا تێکئەچێت، ئیتر حاجی تۆفیق لە ئەستەمبوڵ دەست ئەکات بە کاری پارێزەری و بە نووسین و بەدەرهێنانی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە خەریک دەبێت.

لەسەرەتادا مافی دەرهێنانی "ڕەسملی کتاب"ی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٠٧دا لەپێش ئاگاداری مەرجی کۆمەڵیە لەو کوردانە پێکهاتبوو کە لە تورکیا لە ئەستەمبوڵ ئەژیان بە سەرۆکایەتی "شێخ عەبدولقادری شێخ عبیدڵلا"، ئەو شێخ عەبدولقادرەی کە لەدواییدا تورکە کەمالیەکان کردیان بەسێدارەدا و پیرمێرد بەو بۆنەیەوە گەلێ هەڵبەستی بەرزی مێژوویی بۆ وتوە .حاجی تۆفیقیش یەکێکبووە لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە بووە، حاجی تۆفیق بردویەتی بەڕێوە، جگە لەوەش بۆ گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤاری تر بە فارسی و بە تورکی گەلێ هەڵبەست و پەخشانی ناردوە. ئەو هەڵبەست و پەخشانانەی بەناوی "سلیمانیەلی تۆفیق" یاخود بەناوی "س.ت"وە بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی زمانی ئەو کۆمەڵە ڕۆژنامەی "کورد"، 

لە ساڵی ١٩٠٩دا کراوە بە سەرۆکی شارۆچکەی "جولەمێرگ" و لە ساڵی ١٩١٨دا بووە بە لیپرسراوی "ئەماسیە". لەو کاتەدا خانەوادەکانی لە سلێمانیەوە دەست ئەکەن بە نامەنووسین بۆی بەتایبەتی مستەفا سائیبی خوشکەزای گەلێ نامەی بۆناردوە وە داوای گەڕانەوەیان لێکردوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

حاجی تۆفیق کە زۆربەی تەمەنی گەنجێتی و هەرزەکاری لە تورکیادا ڕابواردبوو و لەوێ ژنێکی هێنابوو دوو منداڵی لێ هەبوو، پاش ئەم ماوە دووروو درێژە ئاگری جگەری دایکی نیشتمان هەڵیگرت، سۆزی خۆشەویستی کوردستان و بەسەرهاتەکانی خستیە جموجۆڵ و سەر سەودای گەڕانەوە .

پیرەمێرد ئاگری جگەری دایکی نیشتمان ئارامی لێئەبرێت، ئەستەمبوڵ بەجێدەهێڵێت وە ژنەکەی و دوو کوڕەکەی لە تورکیا بەجێ ئەهێڵێت و خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

حاجی تۆفیق چەند ساڵێک لە شاری سلێمانیدا ئەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی توخنی کاری میری بکەوێت، لە ساڵی ١٩٢٦دا لە مانگی کانوونی یەکەمدا شارەوانی سلێمانی ڕۆژنامەی "ژیان" دەرئەهێنێت بە سەرۆکایەتی "حسێن کازم" و پیرەمێردیش ئەکرێت بەسەرپەرشتی ڕۆژنامەکە.

لە ساڵی ١٩٣٢دا "حسێن کازم" کۆچی دوایی ئەکات ئیتر پیرەمێرد ئەکرێت بە سەرۆکی بەڕێوبەرایەتی ئەو ڕۆژنامەیە، لە ساڵی١٩٣٤دا چاپخانەکەی شارەوانی بەکرێ ئەگرێت و مافی ڕۆژنامەی "ژیان" ئەگۆڕێتە سەرخۆی.

لە ساڵی ١٩٣٧دا لەگەڵ کاربەدەستانی شاری سلێمانیدا تێکئەچێت و چاپخانەکەی شارەوانی لێئەسەندنەوە بەڵام پیرەمێرد هەر کۆڵنادات ئەچێت خانووەکەی ئەخاتە رەهنی بەرێوبەرایەتی "هەتیوان"ەوە مافی رۆژنامەیەکی نوێ بۆ خۆی وەرئەگرێت وە بە ناوی رۆژنامەی "ژین"ەوە دەری ئەهێنێت و چاپخانەی ژینی دامەزراند.

پیرەمێرد تا دواهەناسەی ژیانی بە رۆژنامەی چێتیەوە خەریک بووە، تا لە ١٩ی ژوئەنی ساڵی ١٩٥٠دا لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکردوە و لەسەر خواستی خۆی لەگردی مامەیارە، ئەوەی جاران مەڵبەندی ئاهەنگ گێرانی جەژنی نەورۆزی بوو، بەرامبەر بە ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان بووە و لەوێدا نێژراوە و بووە بەهاودەمی مامەیارە.
یەکێک لەو هۆنراوانەیی پیرەمێرد، ئەوەی هەموو ساڵێک لەگەڵ ئاوازێکی بەسۆز رەشایی و سەرماوسۆڵەی زستانمان بۆ لادەبات و مزگێنی بەهار و ساڵێکی نوێمان پێدەبەخشێت شیعری "نەورۆز" [خوزگە]

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

پاشماوەی لاپەری ٢

## کەمتەرخەمیی کورد لەئاست نزمیی زمانی منداڵان لە تاراوگە

و وەک ئاگادارییم هەبێت لە زۆربەی وڵاتانیتریش وەزحەکە هەر بەم شێوەیە.

ئاخۆ بڵێی ئەو کوردە ماڵوێرانە بۆ ئەوەندە خۆی پێ کەم بێت و هەتاکەی وەخەبەر نێیەت! تۆ بڵێی ئامانج لە پێکهاتنی ئەم کۆڕ و کۆمەڵە کوردییانە چ بێت و ئەوانە بەچیوە خەریک بن؟ دیارە زۆربەی ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن پێویستن و جێگەی رێزن بەڵام ئاخۆ بڵێی کام یەک لەو ئەرکانە گرینگتر، پیرۆزتر و بەکەڵکتر بن لە پەروەردەکردن و راهێنانی منداڵانی کورد و بەتایبەتییش هەبوونی پلان بۆ فێرکردنی زمان؟ لەوانەیە بپرسن ئەدی ئەو هەموو لاوە چییە کە بۆ وێنە بۆ جێژنە کوردییەکان

دێن؟ راستە دێن، بەڵام بۆ هەڵپەرکێیە و تەنانەت زۆریان نازنن کە بۆ وێنە دووی رێبەندان کە یەکێک لە گرینگترین رووداوەکانی مێژووی کوردە، هەر چیە و ئەگەر بزانن هەڵپەڕینی تێدا نییە هەر قەت بەلایدا ناچن! لەبەرچی ؟ لەبەر ئەوەیکە منداڵە کوردەکانی دەرەوە بەبێ هیچ زانیاریی و بەرنامەیەکی دیاریکراوی پەروەردەیی کولتووریی و مێژوویی نەتەوەکەیان گەورە دەبن.
لەوانەیە بەشێک لەو کەسانەی بەرپرسن لە کۆمەڵە کوردییەکان و تەنانەت حیزبە کوردییەکانیش ئەو قسانەیان پێ خۆش نەبن و لەجیاتی بەخۆداچوونەوە بڵێن ئەدی کاکە کێ ئەو جێژن و بۆنە کوردییانە بەرێوەدەبات! بەڵێ وایە ئێوەن کە بە هەر کەموو کووڕیەکەو بێت بەرێوەی دەبەن، بەڵام ئاخۆ بە هەڵپەڕینی ساڵێ جارێک لەدەورەی ئاگری نەورۆز و یەک دوو بۆنەیتر ئەرکەکانتان کۆتایی دێن و منداڵەکانتان فێری زمان و کولتوور و مێژوو و سەرجەم ئەرکە نەتەوەییەکان دەبن و ئامانجەکانتان دێنە دی؟ ئایا ئەرکی تێگەیاندنی لانیکەم ئەو ئەندامانەی خۆتان کە دایک و باوکی زۆربەی هەرەزۆری منداڵە کوردەکانن لە ئەستۆی ئێوە نییە؟ ئایا ئەو منداڵانە کە کوردیی فێر نابن، حازرن لەدوارۆژدا ببنە ئەندامی کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئێوە و بەبیری کوردبوون بن و ئەو زانستانەش کە لەدەرەوە فێری بوونە، بیخەنە خزمەتی نەتەوەکەیان؟

نەخێر نەک هەر ئەوکات تەنانەت ئێستاش حازر نیین مەگەر کەسانێکی دەگمەن کە ئەویش هی بە پەرۆشبوونی ئەو بنەماڵە تاک و تووکانەیە کە بەرنامەیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەیە.
لەبیرم ناچێت کاتێک دوو ساڵ لەمەوبەر بەشداریی گۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەی کولتووریی کوردیی شاری ساندویکێن ببووم و باسێکم لەسەر وەزحی نالەباری پێوەندیی کوردەکانی ئەم شارە و بێفیکرییان لەسەر مەسەلە گرینگەکانی کولتووری و زمانیی و بەتایبەتییش لەسەر بابەتی منداڵانی کوردی ئەم شارە ئامادە کردبوو، زۆر بەلامەوە جێگەی سەرنج بوو کاتێک دیتم لەناو ئەم خەڵکەی بەشدارییان کردبوو، تەنانەت یەک کەسیشیان تەمەنی لەخوارەوەی 30 ساڵ نەبوو و یەکێک لە هەرە کەم تەمەنەکانییان ئەمن بووم کە تەمەنم ئەوکات 32 ساڵ بوو و ئەوانیتر جگە لە چەند کەسێک هەمووی لەسەرووی 45 ساڵ بوون. ئەوە لەکاتێکدابوو کە نزیک بە دوو لەسەر سێی کوردەکانی ئەم شارە تەمەنیان لە خوارەوەی 25 ساڵ بوو! کاتێکیش لەسەر ئەو شتە پرسیارم لە بەرێوەبەران و تەنانەت لە بەشداربووانیش کرد، کەس وەڵامی پێنەبوو و زۆربەیان دەیانوت کە "وەڵڵا کاکە ئێمە هەر قەت سەرنجمان نەداوەتە تەمەنی بەشداربووان و گرینگی و مانای ئەو شتەشمان نەزانیوە"!
دیارە بۆ باسی دەردەکان و یەک لەوان مەسەلەی کوردیی نەزانینی بەشێکی زۆری منداڵانی تاراوگە دەکرێت زۆر بدوێیین بەڵام لێرەدا تەنیا دەمهەوێت یەکەم وەبیری بنەماڵەکان و دووهەمیش وەبیری حیزب و کۆمەڵە کوردییەکانی بێنمەوە کە ئەو بێبەرنامەییە کارەساتێکە کە ئێوە گرینگیتان پێنەداوە و کە دەڵێن زمان کۆڵەکەی پاراستنی نەتەوەکانە، واباشە کە دڵسۆزانی نەتەوەکەمان زۆرتر سەرنج بدەنە ئەم بابەتەو بەرنامەی بۆ دارێژن و خەباتی بۆ بکەن تا ئەم نەوەی لێرە هەموو ئیمکاناتێکی لەبەردەستدایە و دەکرێت باشترین و بەنرخترین سامانی داهاتووی کوردستان بێت، ئاوا بە سووک و هاسانی بەفیرۆ نەچێت.

## خوێندن بە زمانی زگماکی،داننانە بە بوونی میللەتیکە

# یادیک لە تیکۆشەر و چالاکوانی کورد خاتو ڕەوشەن بەدرخان

ڕەوشەنخان لە ساڵی ١٩٠٩دا لە دایکبووە و کچی ساڵح بەدرخان بووە و باپیری باوکی برای بەدرخان پاشای گەورەی میری بۆتان بووە.

بۆیە لەبەر ئەوەی شووبە جەلادەت عالی بەدرخان بکات، ناسناوی بەدرخانی بەکارهێناوە چونکە میر کچ بووە. کە تورکە عوسمانییەکان بەدرخانییەکانیان لە تورکیا دوورخستەوە، باوکی ناچار بوو بە خاووخێزانەوە بچێتە شاری دیمشق و لیی نیشتەجێ ببێ و ڕەوشەنی کچی لە قوتابخانەکانی دیمەشق خوێندوویەتی و پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا، لە پەیمانگای کچان و لە ساڵی ١٩٣٥دا شووی بە جەلادەت بەدرخان کردووە و شازدە ساڵی لەگەڵدا بە تەبایی و خۆشی ژیاوە و لە ١٩٥١دا جەلادەتی هاوسەری کۆچی کردووە و ئەم دەورە نیشتمانییەکەی ئەوی بینیوە خاتوو ڕەوشەن گەلێک هەڵوێستی نەتەوەیی دیاری نواندووە، لەوانە لە ساڵی ١٩٥٧ بووەتە نوێنەری میللەتی کورد لە کۆنگرەی "دژی ئیمرپالیزم" کە لە وولاتی یۆنان بەستراو هەرچەندە 6 کورسی بۆ نوێنەرانی کورد تەرخان کرابوون، کەچی لە بەر ڕێ لێگرتنیان تەنیا ئەم وەک نوێنەری هەموو کوردستان وەک ئافرەتێکی خەباتگێڕی کورد لە کۆبوونەوەکانی ئەو کۆنگرەیەدا بەشداریی کردوە و بە توندی لە دژی ئیمپریالیزم و دابەشکردنی کوردستان دواوە و داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی کردووە و هەرچەندە لە لایەن تورک و عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە هێرشی براوەتە سەر، بەڵام ئەو هەرقسەی خۆی کردووە و داخوازییەکانی نەتەوەکەی خۆی هەر پێشکەش بە کۆنگرەکە کردووە. خاتوو ڕەوشەن بەدرخان لە سالی ١٩٩٢.٠٦.٠١دا ماڵئاوایی لێکردین و بەرەو دنیای نەمران چوو.



خاتوو ڕەوشەن بەدرخان جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و تورکی بە چاکی زانیوە و ئاگاداریشی لە زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانیدا بووە. لە بواری دانان و وەرگێڕنیشدا سێ پەرتووکی بەزمانی عەرەبی نووسیوە و بەچاپی گەیاندوون کە ئەمانەن:

١- صفات من الادب الكردي - بيروت ١٩٥٤، ٧١ لاپەڕەیە
٢- غرامي و الامي - وەرگێڕانە لە تورکییەوە لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە دیمشق چاپکراوە و ٨٥ لاپەڕەیە
٣- مذكرات امراة- لە دیمەشق چاپکراوە و ١٤٠ لاپەڕەیە [خوزگە]

################################################################



# بیست و سێ ساڵ ئازاری ناوچە جوانەکەمان سەردەشت.

مستەفا شەڵماشی

ڕۆژی حەوتی پوشپەڕی ٢٧١٠ ی کوردی، بیست وسێ ساڵ بە سەر شیمیابارانی شارە جوانەکەی سەردەشت و چەند دێیەکی دەوروبەری دا تێدەپەڕێ، شاری سەردەشت و دەوروبەری هەمیشە ناوەندی کۆبونەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی کوردستان و سەرچاوەی بەخشینی هێزو توانا بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە.




ئەو ناوچە خنجیلانەیە کە خاوەن جوانیەکی سیحراوی سروشتیشە، وەک دایکێکی نیشتمان پەروەر، هەزاران ڕۆڵەی هەڵکەوتوی لە داوێنی پاکی خۆی دا پەروەردە کردەوە و سەدان شەهیدی پایەبەرزی لە پێناوی سەرکەوتنی کورد و کوردستان دا پێشکەش کردوە. لە هەر گوند و چیاو دوندێکی ئەو ناوچە ئازادیخوازە بیر بکەیەوە، شەهیدێکی سورخەڵاتی کوردستانت وەبیر دێتەوە. شاری سەردەشت هەر لە"سەرکەنەکان" بگرە تا "گردەسور" بە خوێنی ڕۆڵەکانی پێشمەرگە و شیمیاباران ڕەنگاوە، ووشەی تیرباران" شەهید کردنی مەلا ئاوارە و ڕەحمان چاوشین و مەلا کەچە وەبیر دێنێتەوە کە بەدەستی ڕێژیمی چەپەلی پاشایەتی لە سەرکەنەکان ئیعدام کران و کیمیاباران هەڵوەرینی گیانی سەدان نەمامی تازە پێگەیشتوو، بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی یەوە دەخاتەوە بیر.

ئەو ناوچەیە هەمیشە داڵدەی شۆڕشگێڕانی کورد بووە، لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی نەماوە کە سەردەمێک لە ژیانی ئاوارەیی و شۆڕشگێڕی خۆی لەو ناوچەیە دا بەسەر نەبردبێ و لە دەستی یارمەتیدەری خەڵکی بە وەفا و نیشتمانپەروەری ئەو ناوچەیە کەڵکی وەرنەگرتبێ. بە حەق هەڵدەگرێ لەقەبێ" سەنگەری ئازادی کوردستان" بدرێ بە ناوچەی سەردەشت. ناوچەی سەردەشت و دەوروبەرێ تەنانەت داڵدەی شۆڕشگێڕی ئەوتویان داوە، کە ڕێگای سەرکەوتنیان لە چیاکانی ئەو ناوچەیەوە بەجل وبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیەوە دەست پێ کردوە و ئێستاشی لە گەڵ بێ خەڵکی سەردەشت و دەروبەری داڵدەی شۆڕشگێڕانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەدەن و بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن.

بە خۆڕایی نییە، کە دوژمنانی گەلەکەمان لە هەر بەهانەیەک دەگەڕێن تا ڕقی خۆیان بەو ناوچە نیشتمانپەروەرە و شارە خنجیلانەکەی سەردەشت بڕێژن. هەر بۆیە لە ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی٢٦٨٧ی کوردی دا دوژمنی سوێندخواردووی گەلەکەمان، ڕێژیمی فاشیستی بەعسی ڕووخاو، ڕقی دێرینی خۆی بە خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری ڕشت و بە هێرشێکی دڕندانەی کیمیایی، واتە بە چەکی کۆمەڵکوژ سەدان کەس لە ژن و منداڵ و پیرو لاوی ئەو سەنگەرە لە گیران نەهاتوەی کوردستانی شەهید کرد و هەزاران کەسیشی گیرۆدەی مەرگێکی لە سەرخۆ کرد کە ئێستاشی لە گەڵ بێ، پاش تەحەمول کردنی دەیان ساڵ ئازار و نەخۆشی گیان دەدەن. ڕژیمی جینایەتکاری کوماری ئیسلامیش کە دەستی بە خوێنی سە دان ڕۆڵەی ئەو ناوچەیە سوورە، نەک تەنیا هەوڵی سارێژ کردنی برینی قوربانیەکانی ئەو جینایەتە سامناکەی نەداوە، بەڵکو زۆرتر هەوڵی داوە بە قازانجی ڕژیمەکەی کەڵکی تەبلیغاتی لێ وەر بگرێ.




لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیە دا، ئێستاش تەم ومژی بۆمبارانی شیمیایی بە سەر ناوچە جوانەکەی سەردەشتەوە دیارە و هەموو ساڵێ لە بیرەوەری ئەو ڕۆژە دا خەڵکی ناوچەی سەردەشت برینیان دەکولێنەوە و لە هەر جێگایەکی ئەو دنیا پان و بەرینە دا بن، بۆنی سێویان بەبەرلوتی دا دێ و بۆ چەند سەعاتێک بەشداری لە ئازاری قربانیەکانی چەکی کۆمەڵکوژی شیمیایی لە ناوچەکەیان دا دەکەن. قوربانیەکانی چەکی کۆمەڵ کوژی شیمیاییش لە شاری سەردەشت و دەورو بەری تا ئێستاش لە ژێر باری زوڵمی داگیرکەرانی کوردستان و بێ دەنگی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی جیهان لە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیە داچەماون و لە چاوەڕوانی دان تا ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک قوربانی چەکی کۆمەڵکوژی بناسرێن و تا ڕاددەیەک برینەکانیان سارێژ بکرێ و زیانەکانیان قەرەبو بکرێتەوە. بەڵام مخابن تا ئێستاش ئاورێکی پڕ بە پێستی ئەو جینایەتە لە قوربانیەکانی کیمیایی سەردەشت و دەوروبەری نەدراوەتەوە و برینەکانیان سارێژ نەکراوە. لەوەش دڵتەزێنتر ئەوەیە کە بەداخەوە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانیش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان بەو جینایەتە گەورەیە نەداوە و هەموو ئەوانەی کە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی خۆیان لەو ناوچەیە دا بەسەر بردوە، ئەو خەڵکە لەخۆبووردوەیان لە بیر بردوتەوە و هەوڵێکی ئەوتۆیان بۆ ناساندنی ئەو جینایەتە گەورەیەی دەرحەق بەو خەڵکە تێکۆشەر و

سەرچاوە
Serchawe

بەووفایە کراوە، نەداوە. حەق وابو ئەوانەی لەبن دەوەنەکانی ئەو ناوچەیە ڕا بە لوتکەی سەرکەوتن گەیشتوون و لەسەر تەختی سەرۆکایەتی وەڵاتێک یا هەرێمێک گیرساونەوە، یا پۆستی وەزیرو پەرلەمانتار و سەفیریان بەدەست هێناوە، ئاورێک لەو قوربانیانە بدەنەوە و هەر نەبێ هەوڵ بدەن قەرەبوی زیانەکانیان بکرێتەوە، کە گیانەکانیان تازە بۆ ناگەڕێتەوە.

هیوادارم بیرەوەری ساڵوەگەڕی بیست وسێ ساڵەی ئەو جینایەتە سامناکە ببێتە هۆی وەخەبەر هاتنی هەموو لایەک و ئاوڕدانەوەیەکی هەموو لایەنە بەرەو قوربانیەکانی شاری سەردەشتی کوڵنەدەر و ناوچەی سەردەشتی هەمیشە سەنگەر.

==============================================




## بەبۆنە٢٣ ساڵەی شیمیابارانی شاری سەردەشت

# چاوانی شار چاوەڕوانە




هیوا گوڵ محەممەدی

لە ساڵیادی شەهیدانی کیمیا بارانی سەردەشت دا، پیشکەشە بە سەردەشتی سەرسەوز. ئا لێرەدا شار وەک کۆرپەیەکی ساوا بێ غەل و غەش بەڕوی داهاتو دا پێ ئەکنێ، دەرونی ساف و بێگەرد سەر سەوز وەک شنەی شەماڵی ئێواران، چاوانی ڕون و زوڵاڵ وەک کانیاوی بنار چیا...

ئا لێرەدا خۆشەویستی وەک فەلسەفەی ژیان و ژیان وەک حەقی گیان لەبەرانن و خۆش ویستن بۆ بەردەوامی لە هەناسەی سینگی سروشتا لە هەڵچون و داچونایە...

ئا لێرە دا کاروان، کاراون بەرەو لوتکە بەڕێوەیە، چەپکی گوڵی سور و سەوز و شینیان بە دەستەوە و کۆڵ و باری گرانی نەسرەوتن بە کۆڵەوە، ڕێگا ئەبڕن، ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ هەدا نادەن تا ئەوکاتەی گوڵی حەزیان لە یەخەی شار ئەدەن و چۆپی زەماوەنی سەرکەوتنی نیشتمان وەک ئاڵای ئاڵ و واڵای کوردستان سورِ ئەدەن..

چاوانی شار زۆر بێ قەرار سالەهای ساڵ چاوەڕوانە بۆ گەڕانەوەی کۆچ و کۆچبار...دڵی گەورەی شار، پاییز و بەهار لە لێدانە بۆ پێک گەیشتنی یار و دڵدار..

ئەوساکە شار هەموو ڕۆژی چەندین جار پێ ئەکەنێ ، شایی و خۆشی وەک دیاری بوک و زاوا بە سەر ماڵ بە ماڵ و گەڕەک بە گەڕەک و گوند بە گوندی ئەم مەڵبەندە سەوزە دا ئەبەشی...

ئەوساکە شار وەرزی تەنیا بەهارێک بوو ، گەرمی و ساردی و خەزانی لە خۆ دا کۆ کردبووە، و سەوزی و سەوزەڵانی دابەش ئەکرد، هەمویانی وەک یەک دڵخۆش ئەکرد...

بەڵام ئێستا جەستەی شار بریندارە، بە ئازارە، بێ قەرارە..بەڵام ئێستا شار تەنیا بزەیەکی کاڵ بووەوەی لە سەر لێوە و لە شەو لە تاریکی و تەنیای زۆر بێزارە...

بەڵام ئێستا شار نە هاوینی گەرم، نە زستانی بەفرین، نە پاییزی بە گڤە و نە بەهاری گوڵ لە بەرۆکە...

ئێستا ئیتر شار و دیار، بۆ تۆزقاڵێ هەوای کۆسار بۆ دیتنی گوێ بەگوارەی خێڵی مەڕدار و بۆ ئاشق بونی کچانی خاڵدار ئاخ و داخ و دەرد و ئازار هەڵ ئەکێشێ....

ئێستا ئیتر شار لە بن دەستی نەیار وەک بوکی زیز دایگرتوە خەم...وەکو چیای ئاستەم لوتکەی داگیراوە بە تەم...

هەموساڵێ شار لەم ڕۆژە دا لە چریکەیەک ، ئەچریکێنێ دڵی مرۆڤ دڵی سروشت و گیانی زەردەشت ڕائەچڵەکێنێ...

گۆرانی خەم، گۆرانی کۆچ ، گۆرانی لێک دابڕان لە ناخی حەیرانێکا بە گوێی مێژودا ئەدا و ئەڵێ...



ئەوێ ڕۆژە لەو بەرزەوە

باڵەفڕی دوژمن هاتن بە جوتە

بەریان داوە دەعبای ڕەش

هەناسەیان قەدەغە کرد

شار وێران و گۆڕستانیان ئاوەدان کرد

دوژمن وایە ئاگادار بن

چارێکی داهاتوتان کەن

بەڵێ ئێتر لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێ لەم کاتە دا ڕێبوارێک لێرە ئەوەستێ ، چاو دائەخا، دەفتەرەکەی دەر ئەهێنێ و قەڵەمەکەی وەکار ئەخا...تەنیا دوو دێڕ ئەنوسێ ...شارەکەمان هێشتا بریندارە، برینەکانی بە ئازارە، بە هیچ کەس و بە هیچ جۆرێ نایکرێ چارە تا ئەوکاتەی هەموو یەک نەگرن ئەم کوردە هەژارە و ئاڵای سەربەستیان وەکو میدال نەدەن لە سینگی ئەم شارە...

====================================

تێبینی: ئەو دوو وتارە لە بیستەمین ساڵوەگەری شیمیابارانی سەردەشت نوسراون(سەرچاوە گیارەنگ)

سەرچاوە Serchawe

شیعر

# فرمێسکی ڕونوو



ماموستا هێمن

تۆ گوتت: " من ئاشقی سەوداسەر و دینم دەوێ "
هەڵکەوێ تاوێکی چاوێکی لە دیدارت بکەم
بزگورِی ڕەش دابپۆشێ ڕوومەتی گەش تابەکەی ؟
ئەی پەریزادی مەهابادی ! ئەتۆ ون بووی لەمن
ڕوتم و یاقوت و ئاوریشمم لەبیر ناچێتەوە
تۆ نەدیوی بۆیە شەو چاوم لە ئاسمانێ برِی
تا وەکو ساقی ئەجەل نەمداتێ تاڵاوی نەمان
ژوانی بن سیلە و پەسیوی لاوەتی یادی بەخێر
کوانێ ئەو شەوگارە بێدەنگە لە ژوانگەی جێ هەوار؟
کوانێ ئەو ڕۆژەی کە سەرچۆپیم دەگرت ، بانگم دەکرد
شاعیرم، جوانی پەرستم،دڵتەڕم، شێتم، لە شۆق
من بە فرمێسکی ڕونووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
خۆشەویستی من کچە کوردێکە پاک و نازەنین
نامەوێ ڕوو بگرێ تا دەمرم بە فێڵبازی و درۆ
من تەشی ڕێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆچیە؟
بۆ دەبێ زێندین لە زیندانم بکا چونکە گوتم:
نایەڵن قەت چێژی ئازادی بچێژم من، دەنا
بواری وەم نادەن لە نێو مێرگە(چەکۆ) هەڵتووتەکێم
نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوێنی چیام
ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی
نامەوێ خوێن بڕژێ، یا بۆنی کەلاکی کۆن بکەم
هەڵپەڕین و پێکەنین دەبزێوێ هەستی ناسکم
درزی ئاژن بوو دڵم لە سوێی شەهیدانی نەمر
جێی گەرم، پاروی نەرم خۆشە، بەڵام بۆ مافی خۆم
بۆ بەزاری مەزنیخوازی تاڵە وەک کەکرە و زەرەند

من گوتم: " تاکو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ"
تا بزانی کوانێ بۆ جوانی دڵ و دینم دەوێ ؟
شاعێری گەش بینم و کوا چاوی ڕەش بینم دەوێ ؟!
تۆم هەبێ لە کوێ پەریزادە و پەری چینم دەوێ
لێوی سوور و ئاڵ و بسکی خاو و چین چینم دەوێ
تۆ بەدی کەم، گرشە گرشی مانگ و پەروینم دەوێ ؟!
چاوەبرِکە، دەس بزێوی، ماچی شیرینم دەوێ
بۆ ئەوەی پیرانە نەمرم یادی دێرینم دەوێ
کچ ڕەوەک بوو من گوتم: هێدی بە! حەجمینم دەوێ
دۆم دەوێ، دۆی قۆڵ بە بازن و پەنجە نەخشینم دەوێ؟
کێوی بژوێن، دیمەنی جوان، دەشتی ڕەنگینم دەوێ
کوڵمی ئاڵ و چاوی کاڵ و سینگی بەفرینم دەوێ
باخەوانە پیرەم و باخی بە پەرژینم دەوێ
یاری نازداری لەباری دیاری شەرمینم دەوێ
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ
" ئەز مەمم، خەستەی خەمم، کوشتەی ئەمم، زینم دەوێ؟"
خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ ؟!
چونکە پرسەی دایکی مل بەکوێن و سەرشینم دەوێ
قاسپەقاسپی خاسەکەو بێ! گرمەیی مینم دەوێ ؟!
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟
ڕەنگی مێلاقە و گوڵاڵە و بۆنی نەسرینم دەوێ
کوا دڵی پڕ ئێش و ئۆف و جەرگی بە برینم دەوێ؟
بەس نییە؟ مەودام بدەن! تۆزکاڵێ تەسکینم دەوێ
سێبەری ئەشکەوتی سارد و نوێنی بەردینم دەوێ
گەر بڵێم من پاسەوانی قەسری شیرینم دەوێ؟

سەرچاوە Serchawe


دێوی شەڕ سمکۆڵ دەکا لێم و دەبۆڵێنێ، دەڵێ ... بۆ لەسەر دانی هەموو ئێوە، تەوەرزینم دەوێ
بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە ... هاتە کوردستان گوتی: ڕەجمی شەیاتینم دەوێ؟
سەقز و سەردەشت و ساباڵغ و سنەی کرد غەرقی خوێن ... سێی تری ویستن، گوتی: بۆ سفرە حەو سینم دەوێ
کەی ڕەوایە بمدەنە بەر گولله، یا ڕاوم بنێن ؟ ... گەر گوتم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ
کورد مەگەر کوندە کە هەر وێرانە بێ هێلانەکەی؟ ... نیشتمانی ئاوەدانی جوانی ڕەنگینم دەوێ
زۆر بە ئاواتم کە کوردستانەکەم بێ کێشە بێ ... ئاشتیخوازم، کوا وڵاتی پڕ ڕق و قینم دەوێ ؟
تا نەهێڵم شوێنەواری نالەباری پەهلەوی ... نەگبەتی زۆردارەکان و خۆشی مسکینم دەوێ
لاشەرم، کوا بەدفەرم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام ... دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ
بۆ ناجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە ... گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ
بۆ بەگژ داچوونی زۆرداری و هەژاری و ناهەقی ... کارگەر و جوتێری ئاگا و مستی ئاسنینم دەوێ
سەخت و ناهەموارە ئەم ڕێگایە کوردی کۆڵنەدەر ... بۆ خەباتێکی درێژخایەن گوڕ و تینم دەوێ
دوای نەجات بۆ ئاوەدانی و خۆشی خاپورە وڵات ... کۆمەڵێکی چاک و پاک و ڕاست و وردبینم دەوێ
بۆ خەباتی هاوبەشی یەکسانی توند و تیژی کورد ... لاوی کارامەی بە جەرگ و کیژی سەنگینم دەوێ
کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک ... من کە شێگێڕی شەهیدانم، لە کوێ شینم دەوێ

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

پاشماوەی

## یادی ٣٨ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک

هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد حەسەن زیرەک لە گەڕەکی سەر قەڵا، هەر ئەو شوێنەی کە قەڵای سەردار و مزگەوتی جامیعەو حەوزەگەورەی بۆکانی لێ هەڵکەوتووە، لە ڕۆژی ٢٩ / ١١ / ١٩٢١ لە دایک بووە. یازدە ساڵان دەبێ کە باوکی لەدەست دەدا و دایکیشی مێرد دەکاتەوە. زیرەک و خوشک و براکانی دەکەونە ژیانێکی پڕ لە سەخڵەتی جیا لە یەک.



هونەرمەندی شانۆکار برایم فەرشی سەبارەت بە ژیانی حەسەن زیرەک دەنوسێ: پێناسەی حەسەن زیرەک بە پێی ناسنامەی ژمارە ٧٣٥ ی ئیدارەی سەبتی ئەحوالی شاری بۆکان، بە مجۆرە یە:

ناو حەسەن، شۆرەتی زلە "بۆکانی". ناوی باوک عەوڵازلە بۆکانی. ناوی دایک: ئامین. ڕۆژی لەدایکبوون: ١٩٢١/١١/٢٩ .شوێنی لەدایکبوون: شاری بۆکان. شوێنی وەرگرتنی ناسنامە: بۆکان، گەڕەکی لەدایکبوون: گەڕەکی سەر قەڵا. خشتەی ژیانی هونەرمەند حەسەن زیرەک: لە تە مە نی ژێر دە ساڵیدا لە گە ڵ عە بە چاوەش و حەمە حسێن چاوە ش لە شاییەکانی ناو شار و گوندە کانی بۆکان گۆرانی چریوە . لە حە وت و هە شت ساڵیدا شاگرد مسگەری و قاوەچییەتی دەکاو هە روها لە بە ر گاراِنی ماڵە دەوڵەمەندەکانی بۆکان بووە.

حەسەن زیرەک ١١ ساڵان دەبێ کە باوکی لەدەست دەدا و دایکی شوو دەکاتەوە. لەو ساڵەوە هەتیو دەمێنێتەوە و بۆ بژیو دەست دەکا بە قاوەچێتی و چاوساخی و شۆفیری و گزیری ئاغاوات و ...

ساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەم جار دەنگی لە رادیۆی کوردی بەغدا بیستراوە. ١۴ ی گەلاوێژی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ مێدیای زەندی زەماوەندی کردووە. لە ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە تیپی شانۆی هونەرەجوانەکان لەگەڵ سێوەخان و ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا لە شانۆنامەکانی (بوکی ژێر دەواری ڕەش، خەسوو یان ئەژدیها ، تەڕپیر) بەشداری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ لە شاری سەقز هۆتێلی سێ ئەستێرەی هەبووە کە بۆخۆی لەوێ گۆرانی گوتووە. ساڵی ١٩٧١ نەخۆشی هێرشی بۆ دێنێ و شێرپەنجەی جەرگ لە عەردی دەدا و دوای ماوەیەکی زۆر لە جێگادا کەوتن لە ڕۆژی ٢٦/٦/ ١٩٧٢ لە شاری بۆکان ماڵئاوایی لە زێد و نێشتمانەکەی دەکا و لە سەر وەسێتی خۆی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە کە دەڕوانێتە بۆکان ئەسپاردەی دایکی نیشتمان دەکرێ.

زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر ... لەپێناو هونەر ژینت بردەسەر
ڕۆژگارت ساتی بەبێ خەم نەبوو ... بەڵام لەهونەر هێچت کەم نەبوو

# کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان

[بەشی سێهەم]

## بەشی یازدەهەم: "ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد"

## ١- کوردستان لە چوار سەدەدا(١٥١٤ – ١٩١٤)زایینی

نووسینی: حوسێن مەدەنی




### ب – ستراتیژیی دەوڵەتە ئیستعمارگەرەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

رەقابەتی فەرانسە و ئینگلیس و رووس بۆ بەدەستەوەگرتنی بازاری مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراست لە ساڵی ١٧٩٨ دادەستی پێکرد.بریتانیا لە رێگای کۆمەگی ماڵی بەفەتحعەلیشای قاجار(١٨٠٩-١٨١٢ز)تەواو لەنێو دەرباری ئێراندا جێی خۆی کردەوە،پێوەندیەکی ئەرباب- رەعیەتی لە نێوان بریتانیاو زنجیرەی قاجار دا رایەڵ کرا."سرگوراوزلی"پارێزەری سیاسەتی ستراتێژیی ئینگلیس بە مەبەستی پاراستنی هیند،بەدەوڵەتی ئینگلیسی دیکتە کردبوو: "ئێران لاوازو دواکەوتوو رابگرێت""(شکست شاهانە،روانشناسی شخصیت شاە.ماردون زوینس.وەرگیرانی عباس مخبر،لاپەرەکانی ٣١٠و٣١١).

بریتانیا وێرای نفوز لە ئێران،لەنێودەوڵەتی عوسمانیش دا رەخنەی کرد.لە سەرەتاوە بە رەزامەندیی عوسمانی لە ساڵی ١٧٦٤ی زایینی دالە "بەسرە"دا کۆنسولگەری دانا.لەساڵی ١٧٩٨ی زایینی دالە بەغدا باڵوێزخانەی کردەوە.لەساڵی ١٨٣٤ی زایینی بۆ پاراستنی رێگای ئاویی کەنداوی فارس و "شط العرب"،ئەرتەشی لە لێواری شطالعرب و"کویت"دابەزاند.بەپێی فەرمانی ٢٩ی دیسامبری ١٨٣٤ی زایینی ئیمتیازی لێخورینی گەمنیی لە رووبارەکانی دیجلەوفورات دا بۆ خۆی پاوان کرد.
(ریشەهای تاریخی اختلافات،دکترمنوچهرپارسادوست،چاپ چهارم،لاپەرەی ٧٧)

بەم جۆرە ئینگلیس وەک یەکەم قودرەتی ئوروپایی بۆ گەیشتن بە هندوستان پێویستی نەدەکرد."دماغە امید نیک"لە باشووری ئەفریقا را دەور لێ بداتەوە.بە موسەیتەر بوونی"بین النهرین"دا توانی دەریای مەدیتەرانە و کەنداوی فارس وێک خاتەوە.لەو زەمانی دا نرخی ئابووریی"شط العرب"و کەنداوی فارس بۆ دەوڵەتی ئینگلیس چی وای لە کاناڵی سوئێزی ئێستا کەمتر نەبوو. مەڵبەندی ژێئۆستراتێژیکیی باشووری رۆژئاوای ئاسیا لە گەڵ پلانی ژێئۆپۆلیتێکی ئینگلیس یەکتریان دەخوێندەوە. سەرانسەری خاکی کوردستانیش ببوە بەشێکی جیانەبۆوەی ئەم مەڵبەندە.پانتایی ئیمپراتوری بریتانیا لە هندوستان ڕاتا رووباری فورات خۆی راکێشابوو.لە تەواوی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تا کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی،دەوڵەتی ئینگلیس لە مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا بە هێزترین دەوڵەتی بێگانە بوو.

رووسیای تەزاری لە دوو شەردا فەتحعەلیشای شکست دابوو،بەسەرقەفقازدا حاکمییەتی هەبوو.لە بەستنی دوو پەیمانی گوڵستان(١٨١٣ز)و تورکمانچای (١٨٢٣ز)داهەموو مەڵبەندی قەفقازی لە ئێران ساندبوو.سەرباقی ئەوەش خەسارەتی جەنگیشی لێ دەساند،لە باری ماڵی و نیزامیەوە فەتحعەلیشای قاجاری رەزیل کزبوو،لەباکووری ئێران رووس کوێخای وڵات بوو،لە خاکی کوردستان تەنیا ناوچەی"قوتوور"لە باکووری کوردستانی ئێران بە هۆی نزیک بوونی لە قەفقاز بە گرینگترین شوێنی ستراتێژیی رووسەکان دەژمێردرا ،بۆیەئەو ناوچەیان هەمیشەلە ژێر چاوەدێری دا راگرتبوو.

لەباشووری ئێران و کەنداوی فارس دا،ئینگلیس ئاغا بوو.ئینگلیس و رووس سەرەرای ئەوەی لەسەر ئێران رەقیبی یەکتری بوون،بەوحالەش بەرامبەربە دوو وڵاتی ئێران و عوسمانی لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەدا تا شەری جیهانی یەکەم پێکەوە تەوافوق و مودارایان هەبوو.وای لێهاتبوو دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بە بێ ئیزنی رووس و ئینگلیس نەیان دەوێرا قامک دەئاوی رۆبکەن. دیپلۆماتەکانی رووس و ئینگلیس لە تاران و ئیستامبوڵ نەبزی سیاسی و بازاری هەردووڵاتیان لە دەست دابوو.لەو نێوەدا خەبات و شۆڕشی رزگاریخوازانەی کورد هۆکاری تێکدانی ئەم نەزمە ستراتێژیکی یە بوو کە رووس و ئینگلیس لە وڵاتی ئێران و ئیمپراتوری عوسمانی دا بەرێوەیان دەبرد.ئینگلیس توندتر و رووسەکان شل تر لە دژی شۆڕشی نەتەوەیی کوردەکان راوەستابوون،بەڵام رووسەکان لە سەر کوردان تینێنی خۆیان هەبوو،چونکە دراوسیی کوردەکان

بوون،قەت خوازیاری ئەوە نەبوون بیانکەنە دوژمنی راستەوخۆ و هەمیشەیی خۆیان،بگرە جاروبار دەشیان لاواندەوە.بۆ رووسەکان گرینگ ئەوەبوو دەستیان بە تەنگەی بۆسفور و داردانیل و ئاوی گەرمی کەنداوی فارس ودەریای عومان ڕابگا." پطرکبیر"لە پێش مردنی دا (ئاوریلی ١٧٢٥)لە خالی ٩ی وەسییەتنامەکەی دا هێنابووی:
"ئەوەندەی دەتوانن نزیک بوونەوە لە ئیستامبوڵ و هیند بکەنە واجبی سەرشانی خۆتان.لەوە دڵنیابن هەرکەس ئیستامبوڵی بەدەستەوە بێ،دەتوانی هەموو دنیاشی بەدەستەوە بێ. بۆیە پێویستە پەیتا پەیتا دەگژ دەوڵەتی عوسمانی و ئێران رابچن.بەرەبەرە بۆ داگیرکردنی دەریای رەش هەنگاو باوێن.کارخانەیگرمێ سازی دابنێن بە پشتیوانیی ئەوکارانە دەست بەسەر دەریای باڵتیک دابگرن"(وەرگیراو لە"فرهنگ وعلوم سیاسی".تالیف غلامرزاوالی بابایی – دکتربهمن آقایی. کتاب اول واژه سیاسی،شرکت نشرویس،تهران.وصیت نامه پطرکبیر،لاپەرەی ٨٢٨)
ستراتێژیی سیاسەتی فراوانخوازانەی رووسەکان لەو هێڵەرا بەرەوپێش دەچوو.هێنانەوەی هێندێک نموونە،راستی و دروستی سیاسەتی ئینگلیس و رووس لەسەر مەسەلەی کورد باشتر روون دەکەمەوە:

**شۆڕشی یەزادانشیر**(١٨٥٤ز)لە هاکاری و بۆتان نیشانەی پێ ڕێخستن لە رێککەوتننامەی دووهەمی ئەرزرۆم و رێگانەدان بە سەقامگیربوونی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان دابوو.رووس و ئینگلیس لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی یەزدانشیر،لە دەوڵەتی عوسمانی بە پەلەتر بوون.کۆنسولی بریتانیا بە فریای دەوڵەتی عوسمانی یەوە چوو،بەپارە بەخشینەوە و لەخشتە بردنی یەزدانشیر،هەڵی تێکشانی یەزدانشیری رەخساند.دەوڵەتی تەزاریی رووسیش مۆڵەتی بە دەوڵەتی عوسمانی دا هێزەکانی لە سنووری رووسیاوە بۆسەر یەزدانشیر راگوێزێ.(بڕوانە کتێبی ئیمپراتوری عوسمانی.لاپەرەکانی ٢٨٥ و ٢٨٦)

**"شێخ عبیداڵانەهری"**یەکەم رێبەری ناسیۆنالیستی کورد بوو بو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەستی دابووە شۆڕشی رزگاریخوازی(١٨٨٠ز).بەهۆی شەر پێوەندی سیاسی سوڵتان عبدالمجید و رووسەکان ئاڵۆز و لە گەڵ ئێران شلوێ ببوو."شێخ عبیداڵا"لەو ئاڵۆزی یە سیاسی یەدا بوو هاتە نێو مەیدانی خەبات. سنووری نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بەزاند،شۆڕشی رزگاریخوازیی خستە نێو کوردستانی ئێران.ئەمەش دەستپێکرانی رەوتێکی نوێ بوو.شێخ عبیداڵا دەیزانی بە بێ داکۆکی دەوڵەتانی گەورە سەرکەوتنی مومکین نابێ.داوای لە رووس و ئینگلستان کرد پشتیوانی لێ بکەن. کونسولی ئینگلیس پێی کوت: توانات نییە ئەو حکوومەتە رابگری".شێخ وەڵامی دابۆوە: "ئەگەر نەمتوانی حکوومەتیکی بەهێز لە کوردستان دامەزرێنم،ئامادەم بچمە بەر دادگایەکی ئورووپایی،بۆ هەموو سزایەکیش ئامادەم".(ڕاپەرینی کورد لە ساڵی ١٨٨٠ ،جەلیلی جەلیل.لاپەرەی ٧٦)

بەڵام چونکە ئینگلیس وەک هەمیشە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو، میسیۆنێرو کۆنسولگەری یە ئینگلیس و ئامریکایی یەکان شان بە شانی یەکتری و بە کەڵک وەرگرتن لەو تاکتیکەی یەزدانشیریان پێ سەرکوت کرد، پشتی شۆڕشی رزگاریخوازیی نەتەوەیی شێخ عبیداڵا شیان تێک شکاند.
رووسیای تەزاری سەرباقی ئەوە لە گەڵ تورکانی عوسمانی لە شەردابوو، واش یارمەتیی شێخ عبیداڵای نەدا،چونکە ڕاگرتنی لەنگەری پێوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا لە گەڵ ئینگلیس بە گرینگتر دەزانی.وەجواب هاتنەکەی هەر ئەوەندە بوو لەسەر شێوەی کوشتنی هەمزاغای مەنگور بەرەسمی ئیعترازی لە حکوومەتی ئێران گرت.
**"عبدالرزاق بەدرخان"** ڕووناکبیری ناسیۆنالیستی کورد،لەوە گەیشتبوو فەرمانرەوایی تورک نایەڵێ نەتەوەی کورد بەرەو شەقامی شارستانیەت هەنگاو هەڵێنێ، برواشی بەوە هێنابوو،دەرگای ئەو شارستانییەتە لە ڕێگای دەوڵەتی رووسیوە بۆ کوردان دەکرێتەوە، چونکە وڵاتی رووسیا لە وڵاتە ئۆرووپاییەکان پتر بە کوردستان نیزیک بوو."عبدالرزاق" هەرچەند لە پاریس خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام بیروباوەرەکەی هانی دا لە ساڵی ١٩١٠ زایینی داولە زەمانی پاشایەتیی "ئەلێنکساندری دووهەم" دابێتە پەنابەری سیاسی دەوڵەتی رووس."عبدالرزاق بەدرخان" هەموو جموجۆلێکی لە پێناو ئەوەدا بەکار هێنا کە کورد کۆت و زنجیری دیلایەتیی تورکان لە ئەستۆی خۆی داماڵێ و کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لە ژێر بەیداغی رووسیا دا دامەزرێنێ.(بیرەوەریی عبدلرزاق بەدەرخان وەرگیرو ئامادەکار جەلیلی جەلیل،شوکرمستەفا کردویەبە کوردیی باشوور،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ناراس لاپەرەی ٢٧)

"عبدالرزاق بەدرخان" دووهەمین رێبەری ناسیونالیستی کوردستانی عوسمانی بوو کە باکووری کوردستانی ئێرانی کردە ناوەندی تێکۆشانی سیاسی.زۆری هەوڵ دا کوردی ئێران و تورکیا لە نییەتی خێرخوازانەی رووس ئاگادار بکا،بە ئاگاداریی"چیرکۆف" کۆنسولی رووس لە شاری خۆی و ماکۆرا تا دەگەیشتەوە ویلایەتی موسڵ و شێخی بارزان،بە نامە نووسین پێوەندیی بە سەرۆک هۆزانی کوردەوە گرت.سەرۆک هۆزانی کورد بە مەرجی پشتیوانی دەوڵەتی رووس لە کوردان،گشتیان ئامادە بوون لە ژێر رێبەرایییەتیی"عبدالرزاق" دا بمێنەوە.بە هەموو ئەو ئامادەکاری یەی کە "عبدلرزاق"بۆ جەلبی نەزەری رووسەکان وەرێی خستبوو، دیسانیش تێیدا سەرنەکەوت.

درێژە هەیە...

یەکیەتی و هاوڵتی هیزە سیاسیەکان و خەڵک،مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد مسوگەر دەکا

# زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی

پرۆفسۆر.د. محەمەد مەعرووف فەتتاح

٧) ڕێگاکانی دروستکردنی زمانی یەکگرتوو : زمانی یەکگرتوو بە یەکێک لەم ڕێگایانە دێتە دی :

١- هاوردنی زمانێکی بێگانە ( ئەورووپی یان عەرەبی).
٢- سەپاندنی یەکێک لەو دوو ستاندەردە کوردییانە.
٣- موتوربە کردنی یەکێک لەو دوو ستاندەردە بە وی تر ( بە واژە یان ڕێزمان یان هەردووکیان).
٤- داهێنانی زمانێکی کوردیی یەکگرتوو بە تێکەڵکردنی کەرەسەی ڕێزمانی و واژەیی هەموو زارەکانی کوردی.

ڕێگەی یەکەم و دووەم کە زۆر پەسەند نین، پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە نییە، بە یەک هەنگاو دێنە دی؛ بڕیارێکی ڕامیاری کە تووشی بەرهەڵستێکی زۆر دەبێتەوە.

ڕێگەی سێیەم ئاسانترە لە چوارەم و بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ، بەوەی پسپۆڕەکانی زمان بە سەر هەموو ئەو وشانە دا بچنەوە کە لە زارەکاندا هەن بۆشاییيە واژەییەکان لە یەکێک لەستاندەردەکاندا بە واژەی ستاندەردەکەی تر و زارەکان پڕ بکەنەوە و پسپۆڕی بۆ ئەو وشانە پەیدا بکەن کە لە هەموو زارەکاندا هەیە یان لە ناو زارێکدا هەیە (١٦). بەڵام ئەوەش پێشەکی پێویستی بەوە دەبێ کە بڕیار بدرێ کام ستاندەرد بە وشەی ئەوانی تر پڕ دەکرێتەوە، واتە کام لەو دوو ستاندەردە دەبێت بە قەوارە یان چوار چێوە بۆ ئەوانی تر.

ڕێگەی چوارەم زۆر گران دەوەستێ، سەرکەوتن و ژێرکەوتنی تێ دەکەوێ، ماوەیەکی زۆری دەوێ و بەرهەڵستی تێ دەکەوێ چونکە:
(١) نابێتە زمانی دایک، بە تایبەتی لە نەوەکانی یەکەمدا لە ماڵەوە قسەی پێ ناکرێ.
(٢) پێویستی بەوە دەبێت لە ساوایان و قوتابخانە دا بگوترێتەوە، چونکە جیاواز دەبێت لە زمانی ماڵەوە یان زمانی دایک.
(٣) هەرگیز سۆزی زمانی دایکی نابێت.
(٤) تووشی بەرهەڵستی دەبێ لەو خەڵکەی بە زارەکانی تر دەدوێن.
(٥) لە گەڵ ئەو زمانە دەستکردانەی کە لە سەدەی ١٨، ١٩ دا لە ئەوروپا سەریان هەڵدا بۆ دروستکردنی زمانێک کە هەموو مرۆڤێک پێی بدوێ وەک ڤوولاپووک، نۆڤیال، ئینتر لینگوا و گلۆسییا و ئێسپرانتۆ جیاوازییەکی زۆری نابێت و هیچ لەمانە جگە لە ئێسپرانتۆ سەرکەوتنیان بە خۆیانەوە نەدی.(١٧)

(٨) قۆناخەکانی دروستکردن:دروستکردنی زمانی یەکگرتوو بە چەند قۆناغیکدا تێپەڕ دەبێ(١٨):
(١) قۆناغی هەڵبژاردنی زارێک وەک بناغە: ئەمە لە هەموو قۆناغەکان سەختترە لە بەر ئەوەی هەروەک ئەنترۆپۆلۆجیای زمان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەری خستووە هیچ زمانێک لە زمانێکی تر باشتر و پێشکەوتووتر و جوانتر نییە، زمان یان زار نییە کە پاشکەوتوو بێت(١٩)، بەڵکوو کولتوور هەیە کە پاشکەوتوو یان پێشکەوتوو بێت، دیسان، زمان نییە ساکار و سادە بێت، هەموو زار و زمانەکان لە یەک پلەی پێشکەوتندان؛ لەم ڕووەوە هەموویان لە یەک ئاستدان لە ڕووی توانستەوە و هەموو بیرێکیان پێ دەردەبڕدرێ. دیسان زۆری و کەمی ژمارەی قسە پێکەران هۆکارێکی گرنگ نییە لە هەڵبژاردندا وەک لە ئەزموونی میللەتێکی وەک هیندەکاندا دەردەکەوێ. ئەو نەتەوانەی کە زمانی یەکگرتوویان هەیە، مێژوو یاریدەی داون کە بۆ کورد نەبووە.
(٢) قۆناغی نووسین و دانانی فەرهەنگی گشتی و تایبەتی و ڕێکخستنی ڕێنووس و نووسینەوەی ڕێزمانەکەی بەوردی.
(٣) نوێکردنەوە و فراوانکردنی واژەی زمانەکە بە خواستن لە زارو زمانی ترەوە تا وەکوو دەبێتە زمانی زانست و پزیشکی و فەلسەفە ... هتد
(٤) هەنگاو نان بۆ کردنی زمانەکە بە زمانی فەرمی لە میدیا و قوتابخانە و زانکۆ و هەموو بوارەکانی تری ژیان.

(٩) تایبەتییەکانی زمانی یەکگرتوو:
زمانی یەکگرتوو دەبێت چەند تایبەتییەکی تێدابێت تا وەکوو زوو بڵاو بێتەوە، پەسەند بێت لە لای خەڵکی و بە بێ دڵەڕاوەکێ هەوڵ بدەن فێری ببن. هەندێ لەم تایبەتییانە ئەمانەی خوارەوەن:
(١) ئاسان بێت بۆ فێر بوون لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕشتە سازییەوە.
(٢) ڕێگە نەدات بە دروستبوونی "شاز" لە شێوەکەدا.
(٣) هێندە دەوڵەمەند بێت لە واژە دا کە هەموو زانستەکانی پێ بنووسرێت ئەدەب بێت یان لۆجیک و فەلسەفە و بیرکاری و ئەندازیاری و پزیشکی و بازرگانی و کارگێڕی ... هتد
(٤) ئەو سیمایانە بە کار بێنێ کە گشتگیرن یان جیهانین، واتە لە زمانە سروشتییەکانی جیهاندا هەن، نەک سیما تایبەتییەکان.
(٥) تا ڕادەیەکی زۆر بێ لایەن بێت و لای هەمووان پەسەند بێت و هەموو بە زمانی دایکی خۆی بزانێ .
(٦) هەموو زارەکانی کوردی بە بێ جیاوازی شوێن پەنجەیەکی دیاریان هەبێت لە دروستکردنیدا.

سەرچاوە Serchawe

### (١٠) بڕیاری ڕامیاری و زمانی فەرمی:

دیاریکردنی پلە و پایەی زمان یان زار لە کۆمەڵێکدا لە هەڵکەوت و سروشتدا چالاکییەکی ڕامیارییە. هەر چەندە لەم بابەتە دا ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ڕاوێژ کردن بە زمانەوان بە هەند دەگیرێ، بەڵام بڕیاری گرنگ و یەکلاکار هەر لە دەست حکوومەت و پەرلەمانی هەڵبژێردراودا دەبێت، هەندێ جار پرسەکە بە بەندێکی دەستوور چارە دەکرێ یان قانوونی زمانی بۆ دەر دەکرێ. تەنیا بڕیاری ڕامیاری دەتوانێ زمانێک یان زارێک بە فەرمی یان کارگێڕی بناسێنێ و کاروباری کارگێڕی و داد و میدیاکان و پەیڕەی خوێندنی پێ ڕایی بکات. پرسی بە فەرمیکردنی زارێک کاتێک سەر هەڵدەدات و لە ناوچەیەکدا پەیدا دەبێت کە ناوچەکە دەبێتە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی، پێش ئەم کاتە و پێش دروستبوونی قەوارەی سیاسی پرسی زمانی فەرمی نایەتە ئارا.
چەمکی بە فەرمیکردنی زارێک یان زمانێک هەرچەندە بە پاڵپشتی حکوومەت دێتە دی، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یان بە پیی جۆری بڕیارەکە دەگۆڕێ. لە ویلایەتی کیوبیک لە کەنەدا بە فەرمیکردنی زمانی فەرەنسی لە ویلایەتەکەدا هەر ئەوەندەیە کە فەرڕەنسی دەبێ لە تابلۆکان و فێرکردندا بە کار بێت. لە ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانی ناو ئێسپانیا بە فەرمیکردنی زمانی باسک و کاتەلۆنی ئەوەش دەگرێتەوە کە حکوومەتی ناوەندی یاریدەی ئەو دەزگایانە بدات کە ئەم زمانە گەشە پێ دەدەن و بڵاوی دەکەنەوە.
بە فەرمیکردنی زمانی ئێسپانی لە ویلایەتی نیو مەکسیکۆ لە دوای نووساندنی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا ئەوەندە بوو کە دەرمانسازەکان هەر دوو زمانی ئینگلیزی و ئێسپانی لە فرۆشتنی دەرماندا بە کار بێنن. هەر وەها بە فەرمیکردنی زمانی (ماوەری) لە نیوزلەند تەنیا بۆ ئەوە بوو کە ناوە کەسییەکان وەربگێڕنە سەر ئەو زمانە.
جێی سەرنجە کە بڕیاری ڕامیاری بۆ دیاریکردنی پایەی زارێک یان زمانێک، بۆ ئەوەی هەر بڕیار نەبێت و پیادە بکریت، دەبێت بە سەرەتا بۆ چالاکی زیاتر: ئەو زارەی پایەی کۆمەڵایەتی گەورە وەردەگرێت دەبێت خۆشی بە گۆڕاندا تێپەڕێت. دەبێت بە کەسانێک بگوترێتەوە کە زمانی دایکیان نییە. ئەمەش بە دوای خۆیدا پێویستی بە گۆڕان و نەخشەی نوێیە بۆ بڵاوکردنەوە و فێر کردن. زارەکە نەک لە دەرەوەی خۆی لە ناوەوەش پێویستی بە گەشە کردن و فراوانبوون و دەوڵەمەندکردنە نەک هەر لە واژە بەڵکوو لە ڕێزمانەکەشیدا. لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو زارە دەبێت بگۆڕێ و ببێت بە زمانی نەتەوەیەک.

### (١١) باری زمان لە هەرێمی کوردستان :

ئاشکرایە کە لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە عەرەبی و تورکمانی و سریانی کە زمانی دایکی ژمارەیەکی زۆر کەمە لە دانیشتووان، خەڵکەکە بە زۆری کوردی لە ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەدا بەکار دێنن؛ کوردیی ناوەڕاست یان باکوور یان باشوور. لە دوای دروستبوونی ئەم قەوارە سیاسییە و تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بە سەریدا، ناکرێ هەموو زاراوەکانی کوردی بە یەکەوە بە بێ جیاوازی،لە یەک ئاستدا بەکار بێن.لەناو ئەم زارانە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین لە ژێر هەر ناوێکدا بێت: فەرمی، کارگێڕی، یان یەکگرتوو بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە و پەروەردە و داد و میدیا لە هەرێمەکەدا. بۆ چارەسەر کردنی پرسەکە و ڕێگە گرتن لە دابەشبوون و کەرتبوون پرسەکە دەبێت دابەش بکرێ بۆ پرسی بچووکتر تا بەرەبەرە بە هەنگاوی ورد و لە سەرخۆ بەرەو ئەوە بڕۆین کۆمەڵەیەکی فرە زاری تاکە زمان بێنینەئاراوە، بە جۆرێک کە بڕیارە سیاسییەکە و بڕیارە وردەکانی تر کە پێویست دەبن لە گەڵ مافی مرۆڤ و مافی منداڵ و بنەماکانی دیموکراسییەت و فرە زاری کۆمەڵەکەدا بگونجێت و لە هەمان کاتیشدا ئاسایشی نەتەوەیی و یەکبوونمان پتەوتر بکات تا بتوانین ڕووبەڕووی ئەو تەحەددییانە بینەوە کە دێنە بەر دەم.
ئەم کردەی ناساندن و دیارکردنەوەی زمانی فەرمی دەکرێ بە دوو قۆناغدا تێپەڕێ و هەر قۆناغەش چەند هەنگاوێکی تێیدا بنرێت:

### هەنگاوی یەکەم: دانانی کوردیی ناوەڕاست بە بناغە و چوارچێوە بۆ زمانی فەرمی/کارگێڕی یان یەگرتوو لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

(١) نزیکەی سەدەیەکە ڕێزمان و ڕێنووسی هەیە و بەردەوام خزمەت دەکرێ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەردەچێت لە هەموو بوارەکانی زانستدا.
(٢) دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی زمانی لە بارەیەوە کراوە بە زارەکە خۆی یان بە زمانی بێگانە.
(٣) لە بواری پەروەردە و خوێندندا هەنگاوی گەورەی ناوە.لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بە دواوە زمانی خوێندن بووە لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری. لە ساڵەکانی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ وەک زمانی خوێندن لە هەموو ناوچەکانی هەرێمدا بە کار هاتووە. لە دوای نسکۆی ١٩٧٥یش لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندییەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی زمانی خوێندن و فێر بوون بووە و هەوڵی سەرکەوتووانەش هەبووە بۆ بەکارهێنانی لەزانکۆی سلێمانی (١٩٦٨ – ١٩٧٢) وسەلاحەدین وەک زمانێکی زانست،دیسان لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەم دواییە وەک زمانی خوێندن بەردەوام لە سەرتاپای هەرێمدا بە کارهاتووە. هیچ زارێکی تر ئەم دەرفەتەی نەبووە.
(٤) زمانی شۆڕش و ڕامیاری کورد بووە لە سەدەی بیستەمدا. بەیاننامەی دامەزراندنی هەموو پارتییە سیاسییەکانی کوردستانی پێ نووسراوە هەر وەها زمانی هەرە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە سیاسییەکان بووە، بە نهێنی یان ئاشکرا، زمانی نزیکبوونەوە بووە لە جەماوەر.
(٥) ڕەمزی بەرخوەدان و بەرهەڵستی بەرەنگاربوونەوەی هەموو حکوومەتە ناوەندییە یەک بە دوای یەکەکانی عێراق بووە و هەرگیز خۆی نەداوە بە دەستەوە و هەموو ئەو هەوڵانەی پووچەڵ کردووتەوە کە ئەم حکوومەتانە دەیاندا بۆ تێکدان و قەدەغەکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی. زمانەکە خۆی لە هەوڵەکانی تواندنەوە پاراستووە لە هەرلایەکەوە هاتبێ.
(٦) تا ڕادەیەکی زۆر لە سەرخۆ گەشەی کردووە و خۆی لە زمانە بەهێزەکانی دەوروبەری جیا کردۆتەوە ئەگەر وشەیەکی زۆریشی لێ وەرگرتبن، نە فۆنەتیکی زاراوەکە و نە ڕێزمانەکەی نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری فارسی یان عەرەبی یان تورکی.
(٧) زمانی زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەی هەرێمە و زمانی لە یەکتر گەیشتنە لە ناوچەکەدا بە گشتی، واتە قسەکەران بە زارەکانی تر، زیاتر لەم دەگەن و بە کاری دێنن وەک لە زاراوەکانی تر.

و ڕامیاری کورد بووە لە سەدەی بیستەمدا. بەیاننامەی دامەزراندنی هەموو پارتییە سیاسییەکانی کوردستانی پێ نووسراوە هەر وەها زمانی هەرە زۆربەی ئەم لایەنە گەشانە، نەک لەبەرئەوەی هیچ جیاوازییێکی زمانی تری هەبێت، ئەو ناوبانگ و مێژووە پڕسەرووەرییەی دەدەنێ کە زمانەوانەکان بە مەرجی سەرەکی و سیمای تایبەتی زمانی فەرمی یان کارگێڕی یان یەکگرتووی دەزانن.

**هەنگاوی دووەم: کوردیی ناوەڕاست لەم بوارانەدا بەکاربێت :**

(١) لە سەر دراو و ئاڵا و پاسەپۆرت و ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری کەسایەتی.

(٢) لە نامە گۆڕینەوە ( مراسلات) لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیدا.

(٣) لە نووسینی لەوحەی دووکانەکان و ناوی شەقام و قوتابخانەکان و هێماکانی هاتووچۆ لە هەموو ناوچەکانی هەرێم (جگە لە پارێزگای دهۆک)

(٤) لە نامە گۆڕینەوە لە پارێزگای دهۆکەوە بۆ پارێزگاکانی تری هەرێم.

**هەنگاوی سێیەم :**

کوردیی ژووروو ( باکوور) ئەم بەکارهێنانەی هەبێت یان بۆ ئەم مەبەستانە بەکار بهێنرێ:

١- بۆ خوێندن و فێر بوون لە چوارساڵی یەکەمی قوتابخانە سەرەتاییەکانی پارێزگای دهۆک، لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی پێنجەم.

٢- لە نووسینی لەوحەی دووکان و ناوی شەقام و قوتابخانە و هێماکانی هاتووچۆ شان بە شانی کوردیی ناوەڕاست.

٣- بۆ نامە گۆڕینەوە لە ناو پارێزگای دهۆک.

**هەنگاوی سێیەم :**

(١)لە بەشەکانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین و سلێمانی و کۆیە و لە ئامۆژگای پێگەیاندنی مامۆستایانی کوردیی باکوور بخوێندرێ و یەکێک لە مادەکان بەو زمانە بگوترێتەوە لە هەموو ساڵەکاندا.

(٢)بەرامبەر بەمەلەبەشەکانی کوردی لە زانکۆی دهۆک و لە ئامۆژگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان کوردیی ناوەڕاست بخوێندرێ و هەر ساڵە ماددەیەک بەم زارە بگوترێتەوە.

**(ب) قۆناغی دووەم:**

(٣) کتێب ئامادە بکرێ بە زمانێکی سادە و ئاسان لە چوارچێوەی کوردیی ناوەڕاستدا بۆ بەکارهێنان لە پۆلی پێنجەم و شەشی قوتابخانەکانی سنووری پارێزگای دهۆک.

(٤) موتوربە کردنی کوردیی ناوەڕاست بە واژە لە هەموو زاراوەکانی تر، بە تایبەتی کوردیی باکوور و دەستکاریکردنێکی کەمی هەندێ دیاردەی ڕێزمانی تێیدا بە جۆرێک بشێت ببێت بە زمانێکی یەکگرتوو لە هەموو بوارەکاندا لە هەموو ناوچەکەدا بەکار بێت.

**(١٢) ئەنجام:**

ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە چەند خاڵێکی گرنگ.

هەوڵدان بەردەوام بێت لە پێناوی هێنانە دی زمانی کوردیی یەکگرتوو بە موتوربە کردن بە واژە و هەندێ دیاردەی زمانیی بە مەرجێ ئەم کارە ورد و لەسەرەخۆ بێت و نەگاتە پلەیەک کە زمانەکان تێک بدات.

بەم هەنگاوە هەموو زارەکانی کوردی دەپارێزرێن لەفەوتان و لە ناوچوون و ڕێگەی گەشەیان لێ ناگیرێ، ئەمەش لە گەڵ مافی مرۆڤ و دیموکراسییەتدا دەگونجێ.

شایانی بە بیر هێنانەوەیە کە هەوڵدان بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتوو ئەگەر لە ژێر ناوی تریشدا بێت زۆر لە مێژە دەستی پێکردووە و لە ڕووی ڕێزمانەوە، بە کارەکانی د. جەمال نەبەزەوە ئاشکرا دیارە، ڕۆژانەش موتوربە کردن بە واژە لە میدیاکاندا هەستی پێ دەکرێ هەرچەندە هەندێکی بێ نەخشە و هەڕەمەکییە. گرنگ لەم قۆناغەدا چڕ کردنەوە و بە خێرایی بە پیرەوە چوونی هەنگاوەکانە.





# پەندی پێشینیان



**مەلا غەفووری دەبباغی**

پیاو بە خزم و دۆست دەبێ کۆڵەوار
ناقەڵشێ، هۆرە لە خۆی نەبێ دار

لەگەڵ ئەم بیرو باوەڕە چۆنی؟
دەڵێن چێشتی خۆش دیارە بە بۆنی!

دار وشک دەبێ بە ئاواتی باز
جارێک لەسەری بخوێنێ ئاواز

بیستوومە پارو لە زار بکەوێ
بۆ کۆش چاکترە، نەک ئێرەو ئەوێ

بچۆرە جێیەک هیچ کەس نەتناسێ
خۆت هەڵبکێشە پڕ بە کراسێ

لە قەدیمەوە ئەم قسە قاوە:
" کوێر هەتا دەمرێ، بەتەمای چاوە"

ئەمەش فەرمودەی قەدیمیەکانە
بەرد لە جێگای خۆی قورس و گرانە

لە شارو لادێ ئەم نەقڵە باوە
گیای شین بە جێگای سەختەوە ماوە

دوورڕوو هەروایە پیشەو ڕەفتاری
هەم لە ناڵ ئەدات، هەم لە بزماری

قەدیمی دەڵێن بۆ دەستەوستان
هیچ فەرقی نییە گەرمێن و کوێستان

ڕەنگە دەرنەچی لە ئیمتیحانم
ئەگەر عەیبی تۆ تەواو بزانم!

عەیبەکانی خۆت بێتە بەر چاوی
ڕەوا نابینی بە کەس بەدناوی

مەشهوورە دەڵێن خزم بە ددان
گۆشتیشت بخوا، ناشکێنێ ئێسقان

هەر خوویەک مرۆ گرتی بە شیری
بۆی تەرک نابێ زەمانی پیری

برا گیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە
ئاخوڕ هەڵبەستن، خەیاڵی خاوە

گۆشتخۆرن هەموو دەعبای ئەم ناوە
کەچی هەر ناوی گورگ بەدناوە

قەت لە شوێن چووان نەچیەوە چاکە
بەس لێرو لەوێ کای کۆن بە با کە!

ئاو بتبا مەچۆ سەر پردی نامەرد
چش با بخنکێی بە سەد ئێش و دەرد

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

## باشترین ئینسان ئەوەیە کە بۆ هەموو کەسێ خێری هەبێ



# چیرۆک بۆ منداڵان



## مێرووله و جیک جیکه

نوسینی: ئیزۆپ
وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی

لە مەزرایەک دا جیک جیکە یەک و مێرووڵەیەک هەبوون.ڕۆژێکی هاوین بوو جیک جیکە کە زۆر کەیفی ساز بوو . بۆ خۆی لە بەر خۆیەوە خەریکی چەقڵە سەما و گۆرانی گوتن بوو.هەر جارێ لە سەر گیایەک و گەڵایەک دەنیشتەوە و هەر جارێ لە هەوایەکی تێ هەڵ دەکرد.لەو کاتەشدا مێرووڵەکە بە وێدا تێدەپەڕێ.دانێکی گەورەی بە کۆڵەوە بوو و خەریک بوو راکێش راکێش بەرەو شارەکەی خۆی دەبرد.جیک جیکە چاوی پێی دەکەوێ و پێکەنینی پێی دێ .بانگی دەکا:"ماڵت نەشێوێ،ئەوە چ دەکەی .بۆ لە خۆڕا خۆت وا زەحمەت دەدەی.بۆ نایەی پێکەوە گاڵتەو گەپی بۆ بکەین و ڕایبوێرین."مێرووڵەکە چاوێکی لێکرد و گوتی:" خەریکم ئازووقە بۆ زستانێ دادەخەم. تۆش خۆت مەخافڵێنە هەستە هەندێک خواردن بخە سەر یەک.کوڕە زستانێکی دوور و درێژە لە برسان دەمرین."جیک جیکە لە وڵام دا گوتی: "حەیە حەی لە ئێستاوە خۆی زەحمەت دەدا بۆ زستانێ ، ئێستا خواردنێکی زۆر و زەوەندت لە بەر دەمدا هەیە ناخۆی هەڵی دەگری بۆ زستانێ،کوڕە وەرە تا ئەوکاتی خوداگەورەیە. مێرووڵەکە گوێی پێنەدا و ملی ناوە بەر کارەکەی خۆی.

هێندەی پێنەچوو زستان بەسەر داهات.جیک جیکە کە هەرچی کەلێن و قوژبنی ماڵێ گەڕا هیچی گیر نەکەوت بیخوا. بە لا دا کەوتبو لە برسان خەریک بوو گیانی دەرچێ .لە کاتێکدا ئەیبینی مێرووڵەکە هەمووڕۆژێ خواردەمەنی بۆ زستانێ دەکێشاوە و هەر هاوینێ بەشی زستانێی دانەوێڵە و شتی پێویست نابوە سەر یەک.جیک جیکە کە تازە بۆی دەرکەوتبوو:

"پیاو نابێ هەر ئەم ڕۆ ببینێ دەبێ ، بیری دوارۆژیشی هەبێ."



## کەروێشک و کیسەڵ



کەروێشک لە لای ئاژەڵەکانی دیکە بەردەوام هەر بە خۆیدا هەڵدەگوت تاریفی هەڵاتنەکەی خۆی دەکرد:"تاکوو ئێستا هیچکەس نەبوە لە منی بەرێتەوە،کێ ئازایە و خۆی بە پیاو دەزانێ بۆم بێتە بەری مەیدان و کێبەرکێیەکم لە گەڵ بکات..".



کیسەڵەکە زۆر بە لەسەرە خۆییەو کوتی:"ئەمن دەیکەم ،حازرم کێبرکێیەکت لە گەڵ بکەم."

کەروێشکەکە پێی پێکەنی و کوتی:"وەڵلا بابە تەواوە.بە شۆخیتە.؟ کوڕە جا تۆ چی؟! مەگەر بە درێژایی ڕێگاکە بە دەورت دا هەڵپەڕم."

کیسەڵ کوتی:"باشە جارێ ئەو هەڕ و گیفەت ڕاگرە بۆ ئەو کاتەی دەیبەیەوە ،وەرە با بزانین کێ خێرا ترە".

ئاژەڵەکانی تر هاتن خەت و نیشانیان دیاری کرد و کێبرکێیان ڕاگەیاند.

کەروێشک وەک فیشەک دەرپەڕی وهەڵات تا لەبەرچاوان ون بوو.ئاوڕی داوە ،سەیری کرد کیسەڵ لە هیچ کوێ دیار نیە.ڕاوەستا تا هەندێک گاڵتەی پێ بکات.++++

لەو لاشەوە کێسەڵەکە ئارام ئارام و بێ ڕاوەستان ملی ڕێگای گرتبوو و بە کێشە کێش هەر دەهات و دەهات.

کەروێشکەکە لە پڕ خەبەری بۆوە و کە سەیری کرد دیتی کیسەڵەکە خەریکە دەگاتە خەتی کۆتایی.هەرچی کرد تازە هیچی پێ نەکرا و کیسەڵ زۆر بە لە سەرە خۆیی بردیەوە.پاشان ڕووی کردە کەروێشکەکە و گوتی:"هەمیشە ئەوەت لە بیر بێ ،ئەو کەسەی بە لە سەرە خۆیی و بێ ڕاوەستان هەنگاو دەنێ ئاخیری دەیباتەوە."

سەرچاوە
Serchawe

# تەندروستی

## تەندروستی - پێکەنین بۆ سیستەمی بەرگری لەش بەسوودە



لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانایانی ئەمەریکایی دەرکەوتووە، پێکەنین بۆ سیستەمی بەرگری لەش بەسوودە، هەروەها وەک وەرزشکردن، دەبێتە هۆی هەست کردن بە برسیەتی .

بە گوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵ، زانایانی زانکۆی لوما ئیندیا لە کالیفۆرنیا، لە لێکۆڵینەوەیەک بۆیان دەرکەوتووە، پێکەنین وەک وەرزشکردن، هۆرمۆنەکانی نیگەرانی کەم دەکەنەوە، بۆیە بۆ سیستەمی بەرگری لەش سوودمەندە.

هەروەها پێکەنین دەبێتە هۆی دەرکردنی هۆرمۆنی (گەرلین) کە بە هۆیەوە مرۆڤ حەز لە خواردن دەکات و هۆرمۆنی لپتین کە دژی برسیەتییە، کەم دەکاتەوە.

ئەو زانایانە داوایان لە کۆمەڵێک کەس کرد بۆ ماوەی هەفتەیەک سەیری فیلمی کۆمیدی و پێکەنین بکەن.

لێکۆڵینەوە لە خوێنی ئەو کەسانە لە کاتی فیلمی کومێدی کاریگەری وەرزش و کاریگەری ئیشتیها (حەز لە خواردن کردن) بەدەرکەوتووە.

بە گوتەی ئەو زانایانە، مەشقی پێکەنین بۆ ئەو نەخۆشییانەی کە ئیشتیها کەم دەکەنەوە، بەسوودە.

## تەندروستی - سوود و زیانەکانی سیر بزانە



سیر بەدەر لەوەی کە هەندێک لەخەڵک بە بیانووی بۆنەکەی نایخۆن، بەڵام خۆشبەختانە سوودی لە زیانەکانی زۆرترە.

ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی سوودە جۆراو جۆرەکانی سیری بۆ چارەسەرکردنی زۆرێک لە نەخۆشییەکان سەلماندووە، بەو پێیەی شان بەشانی دەرمانەکانی دیکە بۆ چارەسەرکردن ئامۆژگاری نەخۆش دەکرێت کە بەکاری بهێنێت، بەمجۆرە

١-هەوکردنی پیس، بەتایبەت هەوکردنی ( قۆلۆن و شێرپەنچەی پێست، ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی ئەنزیمی "ئەلینیز" یا کانزاکانی "جیرمانیۆم" و " سیلینیوم".

٢-دەمار گیران، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە رۆنی سیر رێگە لە ڕوودانی فشاری خوێن دەگرێت، هەروەها ئەگەرەکانی تووشبوون بە نۆرەی دڵ واتە "نوبە قلبیە" دڵە کوتە "سکتە قلبیە" دیاری دەکات، لەرێگەی ئەو ماددە کارایەی کە لەناو سیردا هەیە، ئەو ماددەیە جیابوونەوەی خوێنبەرەکان لەیەکتری گرەنتی دەکات.

٣-فشاری خوێن، رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەکەمکردنەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی فشاری خوێن.

٤-نەخۆشی شەکرە، رێژەی شەکر لەناو خوێن نزم دەکاتەوە، بەپێچەوانەوە رێژەی ئەنسۆلین بەرز دەکاتەوە.

٥-هەروەها بەکارهێنانی بەسوودە بۆ دژە مێکرۆبەکان، بەتایبەت ئەو میکرۆبانەی کە تووشی پێست دەبێت.

٦-هەروەها بەرگری لەش بەهێز دەکات بۆ تووشبوون بەجۆرەکانی ئەنفلەوەنزا.

هەروەها زیانەکانی سیر بریتیتن لە :

١-بەکارهێنانی لەلایەن ئافرەتانی دوو گیانەوە زیان بە زگەکەی دەگەیەنێت، کە رەنگە زگ لەبار بباتیا کاتی لەدایک بوون پێش بخات.

٢-هەروەها بەکارهێنانی زیان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی کۆئەندامی هەرەسیان هەیە.

## خواردنی مێوژ رێگر دەبێت لە نەرمبوونی ئێسک



مێوژ سەرچاوەیەکی باشە بۆ ڤیتامین D و دەبێتە هۆی دروستبوونی وەزە ناو لەش دا. هەروەها مێوژ سەرچاوەیەکی باشە بۆماددەی فیبر،ئانتی ئاکسیدان و وزە.لە نێوان 50 جۆر میوە ،مێوژ ماددەی برۆم و ڤیتامین D و ئستروۆژنی تێدایە .

بە ووتەی توێژەران ، مێوژ رێژەیەکی زۆر ماددەی برۆمی تێدایە ، برۆم جۆرێک ماددەیە کە کە بۆ گۆرینی ئیستروۆژن و ڤیتامین D بە شێوەی چالاک بۆ پێداویستیەکانی لەشی مرۆڤ پێوستە .

خواردنی مێوژ رێگر دەبێت لە پووک بوونی ئیسکەکان .هەروەها رێگر دەبێت لە تووشبوون بە شێرپەنجە .خواردنی مێوژ رێژەی LDL یان کۆلسترۆلی خراپی ناو خۆین کەم دەکاتەوە و رێگر دەبێت لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و قەبز بوون.



# بۆ پێکەنین



## شیعە

چەند چەکدارێکی شیعە کوردێک ئەگرن لە بەغدا و بە بیانووی ئەوەی کە سوننەیە بە نیازن بیکوژن. کوردەکەش لە ترساندا و بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات ئەڵێ



"بابە بۆ ئەمکوژن؟ بە عەلی منیش شیعەم هەر وەک ئێوە

ئەوانیش بۆ ئەوەی بزانن ڕاست ئەکات یان درۆ وێنەی دوانزە ئیمامەکەیانی پیشان ئەدەن و لێی ئەپرسن

باشە، تۆیەک کە ئەڵێی من شیعەم، پێمان بڵێ ئەمانە کێن

ئەویش، لەبەرئەوەی کەسیان ناناسێت، پاش کەمێک تێڕامان ئەڵێ

ئەمانە هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقن لە زەمانی هاروونە ڕەشیددا:

## ئیش(کار)

کابرایەک لە هەندەران بەدوای ئیشدا ئەگەڕێ. لەم گەڕانەدا، ڕێی ئەکەوێتە هۆڵێکی یاری سێرک. بە لێپرسراوی هۆڵەکە ئەڵێ :



"هاتووم بە شوێن ئیشدا ئەگەڕێم و ئامادەشم هەموو ئیشێک بکەم، قاپشتن بێت،گسکدان بێت یان هەر ئیشێکی تر".

لێپرسراوەکە ئەڵێ:

"ئێمە ئیشمان زۆرە و لەو ئیشانەش ئاسانتر کە تۆ داوای ئەکەیت".

ئەیبەنە ژوورەوە و ئەیدەنە دەست ڕاهێنەرێکی سێرک .پێستێکی مەیموونی لەبەر ئەکەن و ئەڵێن فێری جموجۆڵی مەیموونت ئەکەین .

بە ئاسانی هەمووی فێر ئەبێت. پاشان ئەیبەنە ژوورێکی تر و بازنەیەکی گەورەی بۆ ڕائەگرن و فێری ئەکەن چۆن بە ناو بازنەکەدا باز بدات.

دوای ئەمەش لە دووری دوو مەتر لە بازنەکەوە خەتێک ئەکێشن و پێی ئەڵێن:

"ڕۆژی نمایشکردنەکە، شێرێک لەو دیوی خەتەکە دائەنێین و لێی دەربچی ئەتخوات".

ماوەیەکی باش ڕاهێنان لەسەر بازدان ئەکات بەبێ شێر تا وای لێ دێت بە ئاسانی لەم دیو خەتەکە خۆی ئەگرێتەوە. ڕۆژێک شێرەکەی بۆ دێنن و پێی ئەڵێن:

"ئەمە پرۆڤەی کۆتاییە و وەک نمایشەکە وایە ئەبێت ئاگات لە خۆت بێت تا شێرەکە نەتخوات." کابراش بە بینینی شێرەکە زارەترەک ئەبێت و زۆر ئەشڵەژێت.

بازنەکەی بۆ ڕائەگرن و ئەڵێن: "ئادەی باز بدە"!



کابرا زۆر بە ترسەوە باز ئەدات و لە خەت دەرئەچێ و هاوار ئەکا :

"حاجی کاک ئەحمەدی شێخ"!

شێرەکە ئەنەڕێنێ و ئەڵێ:

"هەتیو تۆش کوردی؟"

## داخوازی کچێک

کوڕێک دەچێتە داخوازی کچێک پاش ئەوەی ڕازی دەبن کچەکە بدەنە کوڕەکە دەڵێنە کچەکە داواکاریت چیە کچەکەش دەڵێ خانووێکی دوو قات 100 مسقال زێر سەیارەیەکی 2009 لەگەڵ یەک دەفتەردۆلار بۆ جلو بەرگ و پێویستیەکانی ناو ماڵ کە کوڕەکە گوێی لەم قسەیە دەبێت سەری سوورِ دەمێنێ و ڕوو لە کچەکە دەکات و دەڵێت ئەگەر پیاوێکی وا هەبوو منیش شووی پێ دەکەم




## سوتان

ئەلێن جارێک کابرایەک دەسوتێت و گڕدەکرێت

ئەوەی باشە زوو دەیکوژێنەوە بەڵام کە دەیبەن بۆ نەخۆشخانە

پاش چەند کاتژمێرێک دەمرێت کە دکتۆرەکەی سەیری دەکات تەنها 2%

لەشی سوتاوە بەڵام 98% لەشی شکاوە دکتۆرەکە ئەڵیت باشە ئەمە سوتاوە

بۆچی هەرچی گیانی هەیە شکاوە!!!!...

کۆمەڵیک پیاوی زلە زلەی لەگەڵ دەبێت دەڵین دکتۆر گیان وەڵا بە خاکەناز کوژانمانەوە



# وتەی زانایان



لە باڵندەی ئەمساڵ مەگەڕێ لە نێو هێلانەی پاردا.(شیلۆن)

هەر هونەرمەندێ بە خێرایی ناوبانگ دەربکا بە خێرایش لە دەستی دەدا.(فواد ئەحمەد)

ئینسان گیاندارێکە بە هەموو شتێ عادەت دەکا.(داستایووسکی)

کاتێ بتهەوێ ڕیشەی سەربەست هەڵکێشی، وەکوو دارێکە زوو سەوز دەبێ.(جۆرج واشینگتۆن)

هەر کۆمەڵێ شایستەی حاکمێکێن کە بە سەریاندا حکوومەت دەک.(شارڵ لۆینر)

کەسێ بزانێ قسە بکا، دەبێ بشزانێ کەی قسە بکا.(یۆنانییەکان)

ڕاستی وەک هەنگ وایە: لە ناخیدا هەنگوین هەیەو لە کلکیدا دەرزی. (مارک تواین)

تێبکۆشە گەورەیی لە چاوەکانتدا بی، نەک بەو شتانەی بۆی دەڕوانی.(ئاندرێ ژید)

تەنیایی هێلانەی بیر و ئەندێشەیە.(ژاپۆنیەکان)

مرۆڤ هەموو کاتێ لە دوایی سەعادەت و بەختەوەری دایە.(سوقرات)

لێبوردن لە وانە جوانە کە توانای تۆڵەیان هەبێ.(بووزەر جمهێر)

وا ژیان ببە سەر کە کاتی مردن ئارەزووی دەکەی.

باشترین ئینسان ئەوەیە کە بۆ هەموو کەسێ خێری هەبێ.

ئەگەر دەتانهەوێ ئازاد سەر بەخۆ بن، ئاواتەکانتان با کەمتر بێ.(هان)




گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری راگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی رەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ رەوانە بکەن.


ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

**کانادا** ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : رەحمان نەقشی **لەندەن**